

# ئەحمەدی قازی:
## لە گۆڤاری سروەدا، یەک وشە بێ خوێندنەوە و پەسەندی سەرنووسەر چاپ و بڵاو نەکراوەتەوە.

دواندنی: شیروان یاری
لە فارسییەوە: کەریم ڕەحمانی
(بانە)

**پێشەکی:**

هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستا ئەحمەدی قازی (ڕۆژنامەنووس، وەرگێڕ، تەنزنووس، شاعیر و سەرنووسەری گۆڤاری سروە بۆ ماوی ١٥ ساڵان) کە گەیشت، جیا لە خەم و دڵەڕاوکێی باو، بۆ ڕۆژنامەوانان دوو هێندە بوو. دیمانەیەکی تایبەتیمان دەگەڵ وی هەبوو کە بە بۆنەی ماڵئاوایی پیری چاپەمەنی کوردستان، لێرەدا، لە ڕۆژنامەی «قانون»دا بڵاوی دەکەینەوە.

هزر و ئەندێشەی شاعیری تێگەیشتوو و بەناوودەنگ «محەممەد ئەمین شێخولئیسلامی موکری» ناسراو بە هێمن لە چوار ژمارەی هەوەڵێی گۆڤاری سروەدا، لە سەر ترۆپکی مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا دەدرەوشێتەوە و ١٥ ساڵ جێنشینیی ئەحمەدی قازی وەک سەرنووسەری گۆڤاری سروە، لە بان ڕەفحەی ئەویندارانی وێژە و ڕۆژنامەگەری کوردیدا مێژوویەکی بە قەدر و گەورە و گرانە.

مامۆستا ئەحمەدی قازی بن ئامۆزای «محەممەدی قازی»، وەرگێڕی بە ناوبانگی ئێران، لە ساڵی ١٣١٥ی هەتاوی (١٩٣٦ز)، لە مەهاباد لە دایکبووە و لە حەڤدەی جۆزەردانی ١٣٩٤ (٢٠١٥)دا لە نەخۆشخانەی «ئازادی» تاران بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لێکردین.

ئەم مەزنە پیاوە فرەزانە، پاش وەرگرتنی دیپلۆم لە زانستگای تاران لە لقی زمان و وێژەی ئینگلیسیدا درێژە بە خوێندن دەدا. قازی

لە ساڵانی ١٣٤١ و ١٣٤٢ی هەتاویدا (١٩٦٢ – ١٩٦٣ز) لە لایەن ڕژیمی ملهوڕی پەهلەوییەوە، بە تاوانی خڕکردنەوەی یارمەتی بۆ شۆڕشی مەلا مستەفای بارزانی بە چوار ساڵان زیندان، مەحکووم دەکرێ. لە گرتووخانەدا، یەکەم ڕۆمانی خۆی بە زمانی فارسی بە نێوی «شب بی پایان» واتە «شەوی بێ بڕانەوە» بڵاو دەکاتەوە.

ئەم نووسەرە کوردە سابڵاغییە بێجگە لە ئەزموونی دە ساڵ وانە گوتنەوە لە زانکۆی ئیلاهیات، دەبیرستانەکان و دامەزراوەگەلی فێرکاری و فەرهەنگی تاران و ١٥ ساڵ سەرنووسەری گۆڤاری سروە، ئاسەوارگەلێکی لە نووسین و وەرگێڕان بە زبانی کوردی هەیە کە بریتین لە: ڕۆمانی «باقەبێن»، گردوکۆیی دیوانی «سەیفولقوزات»، وەرگێڕانی «دووانەی سەیروسەمەرە»، «گیل گەمێش»، «کتک و مشک»ی عوبەیدی زاکانی، «دستور زبان کردی بە کوردی و بە فارسی شامل تست و تمرین»، وەرگێڕانی «دۆن کیشۆت»، وەرگێڕانی «کلیلە و دیمنە»، گردوکۆیی بیرەوەرییەکانی عەبدوڵڵا ناهید «ئیفتیخار». بە زمانی فارسیش خاوەنی ئەم بەرهەمانەیە (وەرگێڕان):

«نسل اژدها»، «دوقلوهای عجیب»، «کوهسار حقیقت»، «عصر غولها»، «صدام و خلیج فارس»، «خلاصەی تاریخ کرد و کردستان»، « مکالمەی روزمرەی زبان کردی» و «ژانی گەل» بەرهەمی بەرزی برایم ئەحمەد لە کوردییەوە بۆ فارسی لەگەڵ محەممەدی قازی وەریان گێڕاوە.

ڕۆژنامەی «قانون» بۆ دانەوەی بناوان و دیرۆک و ڕوانگەی چاپەمەنی کوردی لە ئێراندا، لە ڕێکەوتی ١٣٩٤/٣/١٩ هەتاوی، بەر لە مردنی دیمانەیەکی دەگەڵ ئەحمەد قازی سازداوە کە لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە.

* ئاغای قازی بە سەرنجدان بەوەی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی، ئێوە یەکێ لە پێشەنگانی چاپەمەنی لە گۆڤاری سروەن، پێم باشە لە بەرا لە مەڕ کورتە مێژووی چاپەمەنی کوردی لە ئێراندا قسان بکەین. بە ڕای ئێوە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی بۆ چ ساڵانێک دەگەڕێتەوە و چ کەسانێ لە تەخت و بێ کڵۆکردنی ئەو ڕێگە و پیشە ئەستەمەدا دەوریان هەبووە؟

– ڕۆژنامەگەری، یان ژورنالیسمی کوردی لە کوردستانی ئێراندا مێژوویەکی تایبەتی هەیە، ئەگەر بە گشتی چاوێ بە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ئێران و جیهاندا بخشێنین، باسەکەمان درێژ دەبێتەوە، بەڵام لەم ماوە کەمەدا بێ درێژ دادڕی دەمەوێ تەنیا لە ئێراندا بپرژێمە سەر شیکردنەوە و شەنوکەوکردنی. بۆ لێکۆڵینەوەی دەشێ مێژووی چالاکییەکانی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە، لە کوردستانی ئێراندا بۆ سێ قۆناغ دابەش بکەین کە بریتین لە:

١- لە سەرەتای سەدەی بیستەم تا ساڵی ١٩٤٥ی زایینی.

٢- لە ساڵی ١٩٤٥ز تا شۆڕشی ئیسلامی ئێران، ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی (١٩٧٨ز).

٣- لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوییەوە تا ئێستا.

بە باوەڕی من دەورەی یەکەم لە کاتی چاپی ڕۆژنامەی «کوردستان موستەشاری» کە لە ساڵی ١٩٠٢ی زایینی لە لایەن دەستەیەک لە میسیونێرەکانی ئامریکایی- مەسیحی بە دوو زبانی کوردی و ئینگلیزی چاپ و بڵاو دەبۆوە، دەست پێ دەکات. نێوەرۆکی ئەم ڕۆژنامەیە لە ئالی میسیونێرەکانی ئەمریکاییەوە ئامادە

دەکرا و لە ساوجەبڵاغی موکری (مەهابادی ئەورۆ)دا پەخش دەکرا.

پاش ڕۆژنامەی کوردستان، موشیری، حەوتوونامەی «کورد»، لە ساڵی ١٩٠٢ی زایینیدا لە لایەن «مەلا محەممەد تورجانی زادە»وە لە چاپخانەی «غیرەت»ی ورمێ چاپ و بڵاو بۆوە. هێندێ لە هەڵبەستەکانی «سەیفولقوزات» لەو هەفتەنامەیەدا چاپ بوونە. ڕاستییەکەی ئەم هەفتەنامەیە لە لایەن «سمایلاغای سمکۆ»، یەکێ لە خەباتگێڕانی کوردی دژبەری ڕەزاشا دەردەکرا و پتر لەسەر زمانحاڵ و هزر و ئەندێشەی خەباتگێڕانەی وی دەڕۆیشت. هەنووکە سێ ژمارە لە حەوتوونامەی «کورد» لە کتێبخانەکانی تورکیا و کوردستانی ئێراق و ڕەنگبێ لە ئێرانیشدا بایەگانی کرابێ.

پەیجوورییەکان (بەدواداچوونەکان) وا نیشان دەدەن کە لە دەورەی یەکەمی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا (لە ئێران) تەنێ دوو ڕۆژنامە بە نێوەکانی «کوردستان موشیری» و حەوتوونامەی «کورد» بەرچاو دەکەون.

**قۆناغی دووەم:** ئەم دەورەیە لەتەک ڕووخانی ڕژیمی ڕەزاشا دەست پێ دەکا. لەم دەورەیەدا ڕادەی ڕۆژنامە و هەفتەنامەکانی کوردی دوو هێندە زێدە دەبن، کە لەم بوارەدا دەکارین بە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی «نیشتمان» (١) بە سەرنووسەری «عەبدوڕەحمان زەبیحی» ئاماژە بکەین. بڵاو بوونەوەی ئەم ڕۆژنامەیە لە ساڵی ١٩٤١ی زایینییەوە دەست پێ دەکا و تا ساڵی ١٩٤٥ی زایینی دەخایەنێ. ئەم ڕۆژنامەیە پتر دەسەر باسگەلی ڕامیاری و وێژەیی و دێرۆکی کوردستان دەڕویشت، بێجگە لە نیشتمان هەفتەنامەی «کوهستان» (لە حەوتی ڕەشەمەی ١٣٢٣ی هەتاوی تا دوازدەی ڕەشەمەی ١٣٢٥ی هەتاوی، لەسەر یەک ٨٤ ژمارە) بە نێوەرۆکی سیاسی، بەبەرپرسایەتی دوکتۆر ئیسماعیل ئەردەڵان لە تاران دەردەچوو.

لە شوێن ئەم ڕۆژنامەیە، ڕۆژنامەیەکی دی هەر بەو ناوە (کوردستان) بە سەرنووسەریی سەیید محەممەد حەمیدی لە مەهاباد چاپ دەکرا و لە سەرانسەری ناوچەدا (مکوریان) پەخش دەکرا. ئەم ڕۆژنامەیە ١١٣ ژمارەی لێ چاپ و بڵاو بووەتەوە. لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٥ تا شوباتی ١٩٤٦ی زایینیش، دوو حەوتوونامەی «کوردستان» (٢) لە مەهاباد بە زمانی کوردی بڵاو دەبووەوە، کە ئێستا ١٦ ژمارەی (٣) لە ئارشیڤی مێژووی چاپەمەنی کوردیدا تۆمار کراوە.

چاپی سێ ژمارە بڵاڤۆکی «گڕوگاڵ» تایبەتی منداڵان، بە سەرنووسەریی «مەلا قادر مودەڕەسی» و بڵاوبوونەوەی چوار ژمارە گۆڤاری «هەڵاڵە» لە بۆکان بە سەرنووسەریی «مەلا حەسەن قزڵجی» لە چاپەمەنی دیکەی کوردی ئەو سەردەمەن. لە هەڵاڵەدا زۆرێک لە شیعرەکانی مامۆستا هەژار موکریانی تێدا بڵاو بوونەتەوە. چاپ و بڵاوبوونەوەی سێ ژمارە بڵاڤۆکی «ئاوات» لە مەهاباد، بڵاڤۆکی «هاواری کورد» لە ساڵی ١٩٤٥ی زایینی و مانگنامەی «هاواری نیشتمان» (٣) بە ناواخنی وێژەیی، ڕامیاری و کۆمەڵایەتی بە سەرپەرشتیی «سەدیق ئەنجیری ئازەر»، لە بڵاڤۆکگەلی ئەوان دەورانەن.

لە ساڵی ١٩٤٥ زایینی تا سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی خۆریدا، بە شێوەی پرژ و بڵاو، بڵاوکراوەگەلێ کە پتر پڕوپاگەندەی سیاسیی حیزبە کوردییەکان بوو، بڵاو کراوەتەوە کە لەو وارەدا دەتوانین ئاماژە بە ڕۆژنامەی کوردستان، بە شێوەی

نهێنی لە باکۆ و ئەورووپا بکەین کە لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێراندا پەخش دەکران.

چاپ و بڵاو کردنەوەی یەک ژمارە لە ڕۆژنامەی سیاسیی «ڕێگا» لە ساڵی ١٩٤٨ز لە مەهاباد، چاپی ١٩ ژمارە بڵاوکراوەی «خۆرنشین» لە لایەن «عەبدولحەمید مەعرەفەت» و دوکتۆر «وەکیلی» لە تاران، لە ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی (١٩٥٣ز)، چاپی هەفتەنامەی «کوردستان» بە سەرنووسەریی «عەبدولحەمید بەدیعوزەمانی» و بە ئاریکاری «محەممەد سەدیق موفتی زادە» لە تاران، چاپی دوو ژمارە لە مانگنامەی «باغستان» بە ناوەرۆکی فەرهەنگی و ئەدەبی، بە دوو زمانی کوردی و فارسی لە ساڵی ١٩٥٢ز لە لایەن بەڕێوەبەری گشتیی وەشاندن و پروپاگەندەی ئێران، لە ڕەفی بڵاوکراوە کوردییەکانی قۆناغی دووەمدان.

لە بە دواداچوونی قۆناغی سێیەمی چاپەمەنی کوردیدا، کە لە ساڵی ١٣٥٧وە تا ئێستا لە خۆ دەگرێ، دەتوانین ژمارەیەکی زۆر بڵاڤۆکی پڕ نێوەرۆکی کوردی دەستنیشان بکەین. لەم دەورەیەدا. لەسەر بنەمای ماددەی ١٥ و ١٩ی یاسای بنەڕەتی ئێران، ئازادی بەیان فرەتر بە چاپ و وەشانی زمانی دایکی درا.

لە قۆناغی سێیەمدا دەشێ بپەرژێینە سەر شیکردنەوە و خەسارناسی دوو جۆر چاپەمەنی کوردی کە بریتین لە بڵاوکراوە خوێندکارییەکانی زانستگەکانی سەرانسەری ئێران و بڵاوکراوەگەلێ کە بە ئیزنی دەستەی چاوەدێری لەسەر چاپەمەنییەکانی نێوخۆیی وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی بڵاو دەبوونەوە، یان دەبنەوە.

یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە دەورەی سێیەمدا و لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی ١٣٥٩ی هەتاویدا (١٩٨٠ز)، بە نێوی «گرشەی کوردستان» بە سەرنووسەریی «محەممەد ساڵح ئیبراهیمی «لە تاران، کە تەنیا ٩ ژمارەی لێ چاپ و بڵاو کرایەوە. بڵاوکردنەوەی ٧ ژمارە لە بڵاوکراوەی ڕامیاری- فەرهەنگی «دەنگی کورد»، بە سەرنووسەریی «فەرشاد شاد» و ٧ ژمارە بڵاڤۆکی «برووسکە» بە سەرنووسەریی «سادق وەزیری» لە تاران تا کاتی دەسپێکی گۆڤاری «سروە»، لە ڕیزی گرینگترینەکانی ژورنالیسمی کوردی دەژمێردرێن.

لە ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی (١٩٨٥ز)، ئیزنی (مجەویزی) وەشانی گۆڤاری «سروە» بە خاوەن ئیمتیاز و بەرپرسی «ئیسفەندیار ڕەحیم مەشایی» و سەرنووسەریی مامۆستا هێمن درا. مامۆستا هێمن تا ژمارە ٤ سەرنووسەری ئەم گۆڤارە گرینگە ئەدەبی و فەرهەنگییەی دە ئەستۆدا بوو. پاش کۆچی دوایی ویش بەرپرسیارەتی گەورە و گرانی سەرنووسەری، کە ڕاستییەکەی لە ژمارە شەشەم (پاییزی ٦٥ - ١٣٨٠) تا کاتی گوێزرانەوەی گۆڤاری سروە لە (ورمێ)وە بۆ سنە بە من سپێردرابوو.

بڵاوکردنەوەی ٥٤ ژمارەی وەرزنامەی «ئاوێنە» لە ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی (١٩٨٩ز)، بە سەرنووسەریی «محەممەد کەمانگەر» لە تاران (وەرزنامە نەبوو، دوومانگنامە بوو- وەرگێڕ). وەرزنامەی «زرێبار [خ=خاوەن ئیمتیاز، ب=بەرپرس، ز=زانستگا] خ ب

«عادڵ محەممەدپوور» لە مەریوان، بڵاوکراوەی «تیشک» خ ب «جیهانی» لە مەریوان، وەشانی بیست ژمارەی «ئامانج» لە لایەن دامەزراوەی تەبلیغاتی ئیسلامی، حەوتەنامەی «ئاویەر»ب محەممەد ڕەزا ڕەحیمی و سەرنووسەریی بارام وەلەدبەگی، لە دەیەی حەفتادا کە ١٨٦ ژمارەی

لێ چاپ و بڵاو بووەوە، ئەمانە تەنیا بەشێک لە دیرۆکی چاپەمەنی کوردی، لە دەورەی سێیەمدا پێک دەهێنن.

لە ساڵی ١٣٧٧ (١٩٩٨ز)دا هەفتەنامەی «سیروان» بە دوو زبانی کوردی و فارسی بە خاوەن ئیمتیازی ڕێکخراوەی ئالیکارییەکانی شارەداری و بەرپرسیارەتی «جەلال جەلالیزادە» لەلایەن دەستەی چاوەدێری بەسەر چاپەمەنییەکانی نێوخۆ، لە کاتی دەسەڵاتی ڕیفۆڕمخوازاندا ئیزنی بڵاوبوونەوەی وەرگرت.

لە ساڵی ١٣٧٩ (٢٠٠٠ز) وەرزنامەی «فرهنگ کردستان»، لە لایەن فەرهەنگ و ئیرشادەوە بڵاو کرایەوە کە تا ئێستا دە ژمارەی لێ چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

گۆڤاری «مەهاباد بە خ و ب ئەحمەد بەحری، «آوای کردستان» بە ب محەممەد حوسێن ئەسغەرنیا، «اخبار کردستان»بە ب و خ ڕەزا خزری، حەوتوونامەی «ئاسۆ»بە خ و ب حوسێن ئەحمەدنیاز، «کوردستان» بە خ ئەنستیتۆی کورد لە تاران و سەرنووسەریی بارام وەلەدبەگی، «زمانەوان»بە خ ئەنستیتۆی کورد لە تاران، «ویرا» بە ب کامران ڕەحیمی لە ساڵی ١٣٨١ لە ئیلام، « ئاشتی» بە خ و ب بورهان لەهونی، حەوتوونامەی «هاوار» بە خ هاشم هیدایەتی، «ڕۆژهەڵات» بە ح و ب عەبدوڵڵا سوهرابی، «کەرەفتوو» خ و ب لەیلا مەدەنی، ئەوانە لە ڕەڤی بڵاوکراوە کوردییەکان بوون، کە لە دەورەی سێیەمدا چاپ و بڵاو دەکرانەوە.

هەڵبەت لە نێو واندا تەنیا هەفتەنامەی «سیروان» و مانگنامەی «مەهاباد» بە شێوەی ڕێکوپێک و تۆکمە بە شاشەی بۆتکە چاپەمەنییەکانی پارێزگا کوردنشینەکانی ئێراندا خۆ ڕادەنێن، ئەوانی دی ڕاگیراون، یان بە هۆی کێشەی ماڵییەوە بڵاو ناکرێنەوە.

بڵاوکراوەکانی «ئاگری» لە زانستگا زابول، «ڕوانگە» لە ز/ تەبرێز، «بەیان» لە ز/ هەمەدان، برووسکە» لە ز/ کرماشان، «ڕۆژانۆ» لە ز/ ورمێ، «سۆما» لە ز/ کوردستان، «ڕۆژهەڵات» لە ز/ بیرجەند، «ڕاڤە» لە ز/ تاران، «چریکە» ز/ ڕەجایی تاران، « ژوان» ز/ کوردستان، «زاگرۆس» ز/ عیلم و سەنعەتی تاران، «مکوریان» ز/ ئازادی مەهاباد، «مانگەشەو» ز/ تەباتەبایی تاران، «تریفە» ز/ ئەراک، «زایەڵە» ز/ تەبریز، «پەیژە» ز/ تەبرێز، «ژیوان» ز/ ئازادی سنە، ئەمانە بڵاڤۆک گەلی خوێندکاری کوردی بوون کە لە لایەن خوێندکارانی کورد لە زانستگەکانی سەرانسەری ئێراندا چاپ و بڵاو دەکرانەوە، ڕاستییەکەی نێواخنی زۆربەیان لە لایەنی شیکاری و مژاری هزرییەوە ڕازێنەرەوەی مێژووی چاپەمەنی خوێندکاری کوردین.

* بە سەرنجدان بەو پشتیوانییە مێژووییە، ڕوانگە و چالاکی ڕۆژنامەوانیی کوردی چلۆن هەڵدەسەنگێنن؟

– بە داخەوە چالاکی ڕۆژنامەگەری پیشەیی لە ناوچە کوردنشینەکان، بە هۆگەلێکی زۆر بەردەوام و جێگیر نییە و ئەم پچڕان و کەلێن تێکەوتنە، پێکهاتەی ژورنالیسمی پیشەیی کوردی لە دەڤەرە کوردنشینەکان لەگەڵ کێشەی ئەوتۆ ڕووبەڕوو کردووە. هەر بەم هۆیانەشە لە کوردستانی ئێراندا ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی پیشەیی بەرچاو ناکەوێ.

پێشینەترین گۆڤاری کوردی لە قۆناغی سێیەمی ڕۆژنامەگەریدا، «سروە»یە کە بەختەوەرانە بڵاوکردنەوەی تۆکمە و بە زیپکی ئەم گۆڤارە وێژەییە، ڕۆڵی کاریگەری لە پەرەپێدان و فێرکردنی فەرهەنگ و زبانی کوردیدا هەبووە و لەم دەورانەدا ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی لێهاتوو و بە هەنگیزە

دەگەڵ فێربوونی زمان و وێژەی کوردیدا، هاتوونەتە نێو جەرگەی نووسەرانی بەرباس و سەرنجڕاکێش و هەر ئێستا هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە چالاکانی گۆڕەپانی شیعر، چیرۆک، ڕۆمان و ڕۆژنامەوان لە دەسکەوتەکانی ئەرێنی و پەسەندی گۆڤاری سروە دەژمێردرێن. بەم بارودۆخەوە داهاتووی چاپەمەنی کوردی درەوشاوە دەبینم، چونکێ هەلومەرجی سەردەمیش وا دەخوازێ.

* باشتر وایە لە مەڕ چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری سروەوە بدوێین کە نزیک بە ١٦ ساڵان بە سەرنووسەریی ئێوەوە، بە شووشەی بۆتکەی چاپەمەنییەکانی ناوچە کوردنشیندا خۆی دەنواند. ئاغای قازی لە کاتی ڕاسپاردنی ئەنگۆ وەک سەرنووسەری سروە چ کەسانێ لەو گۆڤارەدا کاریان دەکرد؟

- دوای کۆچی دوایی مامۆستا هێمن، وەختایەکی ئەمن وەک سەرنووسەر لە پاییزی ساڵی ١٣٦٥ (١٩٨٦ز)دا بۆ گۆڤاری سروە چووم، ژمارە پێنجی سروە لە قۆناغی چاپ و پەخشدا بوو. ڕاستییەکەی لە ژمارە (شەش)ڕا بەرێوەبەری نێوەرۆکی سروەم وەئەستۆ گرت. چوار ژمارەی دەورانی مامۆستا هێمن بە ڕێکوپێکی بڵاو نەدەبووەوە، بە جێی ئەوەی مانگانە بێ، پاش سێ مانگان دەردەچوو، پتر وەک وەرزنامە دەچوو تا مانگنامە.

لە پاییزی ساڵی ١٣٦٥دا کەسانێ لە ژێر نێوی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری سروەدا چالاکییان دەکرد بریتی بوون لە: کەریم قەییوومی، فارووق کەیخوسرەوی، عەزیز کەیخوسرەوی، سەیید فەهیم سەرڕووتی، حەمیدخانی زەڕزا، حوسێن محەممەدی، عەزیز ئالی، مستەفا فەتتاحی قازی، ڕەسووڵ وەیسی و دووکەسی تایپیست و پەڕەڕازێن بە نێوی گوڵاڵە قازی و خانم پیرەبابی.

* بۆ ئەوەی گۆڤارەکە لە کاتی خۆیدا دەرچێ، چ پێنگاوێکتان لە واری نەرم ئامێر و ڕەق ئامێریدا هەڵهێنایەوە؟ ئایا لە دەورانی ئێوەدا کەسی دی بۆ شووڕای نووسەرانی سروە زێدە بوون؟

- کاتێ کە لە گۆڤاری سروە دەستم بە کار کرد، بۆ تەکووزی و تۆکمەکردنی کاتی بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکە، پلانێکم داڕشت. هەڵبەت من لە کاتی تێپەڕاندنی مەحکوومییەتی زیندان، لە دەورانی حەمەڕەزای پەهلەویدا کە بۆ ماوەی چوار ساڵان، لە ساڵی ١٣٤٢ تا ١٣٤٦ (١٩٦٣ – ١٩٦٧ز) درێژەی کێشا، لە ڕێگەی نامەنووسینەوە دەگەڵ ئەنستیتۆی (ئای سی ئێس)ی لەندەن، بنەما سەرەکییەکانی ڕۆژنامەگەریم خوێندبوو، تا ڕادەیەک لەگەڵ ڕێوشوێنی پیشەیی ڕۆژنامەگەری ئاشنا بووم. هاوکارانی دەستەی نووسەر بە شێوەی زانستی و ئاکادمیک بنەماکانی ڕۆژنامەگەرییان نەدەناسی و زۆرتر بە شێوەی ئەزموون و ئیحساسی کاریان دەکرد، هەر بۆیە لە نووسین و دیاریکردنی وتارەکان و یادداشتەکان و دیمانەکان و..... تووشی کێشە دەبوون. بە ئالیکاری ئەندامانی زەحمەتکێشی دەستەی نووسەر، کە ڕێزێکی تایبەتیم بۆیان هەبوو، هەر زۆر زوو توانیمان گۆڤاری سروە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا بڵاو بکەینەوە و ئەم ڕەوتە ڕێکوپێکە لە گۆڤاری سروە تا ساڵی ١٣٨٠ (٢٠٠١ز) و کاتی خانەنشینیم و گوازتنەوەی سروە لە (ورمێ)وە بۆ سنە بەردەوام بوو.

ڕاستییەکەی لە ڕۆژانی هەوەڵەوە ئەزموونی سەرنووسەری، پێکهاتەی ئیداری، پەخشکردن و شووڕای نووسەران، خاوەنی هیچ ڕوانگە و بنەمای

تۆکمـەی ڕۆژنامەوانـی نەبـوو. ژمارەیەکـی زۆری ئەندامانـی دەسـتەی نووسـەران دەگـەڵ ڕێنـووس و ڕێزمانـی زمانـی کـوردی ئاشـناییان نەبـوو. بـۆ گۆڕینـی پێکهاتـەی هـزری و ڕوانگـەی شـوورای نووسـەران، ئەوانـم بـۆ موتـاڵا و خوێندنـەوەی ئەدەبیاتـی کـوردی پێمـل کـرد.

دوای بڵاوکردنـەوەی چەنـد ژمـارەی سـروە، هێندێ لـە نووسـەرانی خـاوەن قەڵـەم و لێهاتـوو، وەکـوو «مـارف ئاغایـی» شـاعیری نـاوداری کورد، بە کۆڕی کارگێڕانی گۆڤـاری سروە زێدە بـوون. لـە لایەکـی تریشـەوە ناردنـی چیـرۆک و شیعر و وتـار لە لایـەن نڤیسکارانی گشت شارە کوردنشـینەکانی ئێرانـەوە، نێوەرۆکـی سـروەی بـەرز کـردەوە.

نزیکـەی دە لاپـەڕە لـە کۆی ٦٤ لاپـەڕەی سروە تایبـەت بە زمانـی (زاراوەی) کرمانجی، یان بادینی درا کە بابەتەکانی لە ئالی پەرویز جیهانی کە هـەر لـە سـەرەتای (سـروە)وە چالاکـی هەبـوو، ئامادە و چاوەدێری دەکرا.

* ئایا تـەواوی بابەتەکانی نێردراو بۆ گۆڤـاری سروە، بەر لە چاپ کردنی دەبا ئێوە پەسـەندی کە ن؟

- بەڵـێ، سەداسـەد. بـە تـەواوی هەسـتمەوە دانی پێدادەنێم یـەک وشـەش لە گۆڤاری سروەدا بێ خوێندنـەوە و پەسـەندی سەرنووسـەر چـاپ و بـڵاو نەدەکرایـەوە. بێگومـان لـە سـەر زۆربـەی گوتـارەکان، چیـرۆک و شـیعری نێـردراو کاری هەڵەگری و ڕاست کردنـەوە لـە بـاری ڕێنـووس و ڕێزمانـی کوردییـەوە دەکـرا.

* گۆڤـاری سـروە لـە دەیـەی ٦٠ و ٧٠دا لـە چ تیراژێکدا چـاپ دەکـرا و لـە چ ناوچەگەلێکـی ئێرانـدا پەخـش دەکـرا؟

- تیراژی سروە لە ساڵەکانی هەوەڵەوە بە هۆی پێشـوازی زۆری بەردەنگان زیاتـر لـە پازدە هـەزار دانـە گەیشـت، کـە ئـەم تیـراژە زۆرە لـە دەیـەی شێسـت و نیـوەی یەکەمـی دەیـەی حەفتـادا بـۆ بڵاوکراوەیەکـی کـوردی یەکجـار زۆر بـوو. سـروە لـەو دەمـەدا لـە گشـت دەڤـەرە کوردنشـینەکانی ئێـران، ئێـراق و بەشـێ لـە تورکیـا پەخـش دەبـوو. ژومارەیەکیـش لـە ڕێـی پۆسـتی خێـراوە بـۆ کوردانـی ئاکنجـی وڵاتانـی ئەمریکا، ئاڵمـان، سـوئێد، ئوسـتوڕالیا و نێرویـژ دەنێـردرا.

* ڕادەی گۆڤـاری گـەڕاوە (نەفرۆشراو)تان چەند بوو؟

- سـیفر، بـە ڕاسـتی لـە زۆربـەی ژمـارە چـاپ کـراوەکان سـەد لـە سـەد دەفرۆشـرا. زۆرجاریـش بەردەنگانـی ئۆگـر و ئەمەگدار تەلەفۆنیـان دەکرد و خوازیـاری ژمارەکانـی پێشـوو بـوون.

* ڕادەی نامەگەلـی نـاردراو بـە دەفتـەری پۆسـتی سـروە چلـۆن بـوو؟

- بـڕوا بکـەن ڕادەی نامـەی نێردراو، بە ڕادەیەک بوو کە کردنـەوە و خوێندنـەوەی ئەوان، بەشێکی زۆر لـە کاتـی ئێمـەی دەگـرت و لـە وەرزەکانیشـدا کەمـی و زۆری نامـەکان تۆفیـری دەکـرد. جـاری وابـوو قرتاڵەیـەک نامـە کـە بریتـی بـوو لـە دە هـەزار دانـە، لـە ژووری سەرنووسـەریان دادەنـا و منیش لەبـەر ئەویـن و هۆگرییـەک کە بـە سـروە و خوێنەرانی هەمبوو، گشت نامەکانم دەخوێندەوە و بۆ ڕێزگرتـن لـە نووسـەرانی نامـەکان دوو لاپـەڕە لـە سـروە بـە نێـوی «ئێمـەو خوێنـەران» بـۆ نامەکانـم تەرخـان کردبـوو، کـە بـە چەنـد ڕسـتە وەڵامیانـم دەدایـەوە.

* خەرجـی چـاپ و بڵاوکردنـەوەی گۆڤـاری سـروە چلـۆن دابیـن دەبـوو؟

- گۆڤـاری سروە بە میرییـەوە بەنـد بـوو، یەکێ لـە پشـکە زۆر گرینگـەکان لـە بڵاوکردنـەوەی

تەکووز و تۆکمەیی لە ماوەی پتر لە بیست ساڵەی سروەدا، دابین کردنی خەرجییەکانی چاپ و مووچەی کارگێڕانی لە لایەن دەوڵەتەوە بوو.

* ئاغای قازی بە ڕاستی بێجگە لە ئێوە چ کەسێ، یان کەسگەلێ بەرپرسی دەروازەبانی بابەتەکانی سروە بوون؟ ئایا لە دەفتەری گۆڤارەکەدا، یان لە تارانەوە چاوەدێری بە سەر ناواخنی مژارەکانی پەسند کراوی سەرنووسەرەوە دەکرا؟

– گشت بابەتەکانی وەکوو شیعر، چیرۆک، وتار، یادداشت و ڕەخنە لە لایەن یەکێ لە دەستەی نووسەرانەوە بۆ زمانی فارسی وەردەگێڕدرا و بۆ کونترۆڵ و چاوەدێری ڕادەستی کەسێکی فارس زمانی ناوەندمان دەکرد. مژارەکان دوای ڕا دەربڕین و پەسەندی وی، بۆ چاپ بۆ تاران دەنێردران. ئەندامانی دەستەی نووسەر، بە تایبەت سەرنووسەر زۆر نەیاری ئەم شێوە کارە بوون، هەر ئەوەش بۆ من یەکێ لە بیرەوەرییە تاڵەکانی مێژووی سروە بوو.

* هۆکارەکانی بنەڕەتی داخستنی گۆڤاری سروە چ بوون؟

– کاتێ کە من خانەنشین بووم و گەڕامەوە بۆ مەهاباد، هەرچی تێکۆشان نەیانتوانی کەسێکی لێزان و ئاشنا بە بنەماکانی ڕۆژنامەگەری لە پۆستی سەرنووسەریدا دانێن. ئازەرییەکانی ورمێ داواکار بوون کە بڵاڤۆکی کوردی سروە نابێ لە پارێزگای تورک نشینی ڕەزایە (ورمێ) بێ، دەبێ بۆ پارێزگای کوردنشین، (سنە) بگوێزرێتەوە. لە ورمێ لە نێوان دەستەی نووسەران ئەو یەکێتی و تەباییە نەبوو کە بتوانێ پێکهاتەی تێکشکاوی سروە لە دوای ساڵی (١٣٨٠ – ٢٠٠١ز) ڕێک بخاتەوە. هەر بەم هۆیانە ئەم گۆڤارە بە پێشینەی پتر لە ١٥ ساڵان لە ورمێ بۆ سنە گوێزرایەوە، لە سنەش بە هۆی پشتیوانی نەکردنی دەوڵەت و بەرپرسیاریەتی نادروست، بە داخەوە سروە، کە بە ڕاستی بۆ خوێنەرانی وەکوو مرواری و دوڕدانە بوو، داخرا و چووە مێژووی چاپەمەنی کوردییەوە.

**ژێرنوس و پەراوێز:**

پەراوێزی ١ و ٢ و ٣

١- ئەوەی لە تەمووزی ١٩٤٣ بڵاوکراوەتەوە، گۆڤاری «نیشتمان»ـە کە بەپرسەکەی ع. زەبیحی بووە. ٩ ژمارەی لە مەهاباد و ١ ژمارەش لە دەرەوەی وڵات بڵاوبۆتەوە، بەڵام «هاواری نیشتمان» بەرپرسەکەی سەدیق ئەنجیری بوو، یەکەم ژمارەی لە مانگی ئاداری ١٩٤٦ بە شێوەی گۆڤار بڵاو بۆوە، بە دوای ئەودا ٥ ژمارەشی بە شێوەی ڕۆژنامە دەرچوو.

٢- ڕۆژنامەی کوردستان بە بەرپرسی سەیید محەمەد حەمیدی، سەرجەم ١١٣ ژمارەی لێ چاپ و بڵاوکراوەتەوە، بەڵام ئەوەی بنکەی ژین (سلێمانی)، ساڵی ٢٠٠٧ سەرلەنوێ چاپی کردەوە، تەنیا ٩٢یان دەست کەوت.

٣- لە سەردەمی کۆمار لە مەهاباد ڕۆژنامەیەک و گۆڤارێک بە ناوی کوردستان بڵاوکراوەتەوە.

ڕۆژنامەی کوردستان ١١٣ ژمارە، گۆڤاری کوردستان تەنیا ٣ ژمارەی لێ دەرچوو

ژمارە ١: ١٣٢٤/٩/١٥

ژمارە٢: ١٣٢٤/٩/٣٠

ژمارە ٣: ١٣٢٥/٢/؟

ڕوونکردنەوەی مامۆستا عەزیز وەلیانی.

**سەرچاوە:**

**وتووێژی شیروان یاری لەگەڵ م. ئەحمەد قازی، ڕۆژنامەی «قانون»، ڕێکەوتی ١٩/ ٣/ ١٣٩٤.**